# پشتێن جل و لەش و لارت جوانتر دەكات



کاتێك جلێکی نایاب هەڵدەبژێری، وریابە لە دەستنیشانکردنی هەموو ئەو ئێکسسوار و کەرەستانەی کە لەگەڵ جلەکە پێویست دەبن. هەموو ئافرەتێك ماوە ماوە پێویستی بە دەستە جلێکە، مەرجە بزانیت چۆن ئەو دەستە جلە ڕێکدەکەیت تا لەگەڵ لەش و لارت بگونجێ، مۆدەکانی ئێستای جلوبەرگ، هەر هەموویان پێویستیان بە کەرەستەی دیکە و ئێکسسوار هەیە، بە تایبەت ئەو کەرەستانەی لەگەڵ جلەکە سەرەکین و بەکاردەهێنرێن، ئیدی تۆش دەبێ بزانی ئەو کەرەستانە کامەیان سەرەکین و کامەیان لاوەکییە، ئەوەتا پشتێن هەیە بە سەرەکیترین کەرەستە و ئێکسسواری جلوبەرگ دادەنرێ، چونکە پێویستە لەگەڵ هەموو جلێك لە پشت بکرێ، پشتێن گرنگە، لەلایەکی دیکەش سەرنجڕاکێش و جوانە، بەتایبەت کاتێك لەگەڵ پانتۆڵی جینز و قوماش، یان لەگەڵ تەنوورە لە پشتی دەکەیت، وێڕای ئەوەی بەشی ناوەڕاستی لەش و لارت توندوتۆڵ دەکات، کە ئەوانەی جەستەیان نەرمە، بە سایەی پشتێنەوە جەستەیان توندتر دیار دەبێت، لە بارەی ڕەنگی پشتێنەوە، ئەوە بۆ کچان و خانمان دەگەڕێتەوە لەوەی چ ڕەنگێکی پشتێنەکەیان بە دڵە و پێیان جوانە تا لە پشتیان بکەن.









# گوارەی شێوە و ڕەنگ ئەڵماس هەڵبژێرە

زۆربەی خانمان حەز بە گوارە دەکەن، هەندێك گوارەی گەورە و هەندێکی دیکەش گوارەی بچووك لە گوێ دەکەن، گوارەش ئێکسسوارێکی جوان و جنجیلانەیە، کچانیش لە هەر چوار وەرزی ساڵدا بە گوێیانەوەیە، چونکە جوانیی ئەو ئێکسسوارە، بەندە بە شێوە و ناسکیی شێوەی گوارە، بەتایبەت کاتێك کچێك دەزانێ یەکێك لە جوانترین شێوەی ئێکسسواری گوارەی هەڵبژاردووەو لە گوێچکەی کردووە. گوارەی گەورە بۆ ئەوانەیە کە گوێچکەیان بچووکە، پێچەوانەش ڕاستە کاتێك کچێك گوێچکەی گەورە بێت، وا چاکە گوارەیەکی بچووك لە گوێ بکات، تا هاوسەنگیی نێوان شێوەی گوارە و گوێچکەی ڕێکبکەوێت. ئێستا مۆدی باوی گوارە، لە ڕەنگی ئەڵماسە، ڕەنگێکی سەرنجراکێش و نایابە لە جوانیدا، هەروەها لەگەڵ ڕوخساری خانمان شیاوە، بەتایبەت ئەگەر شێوەی گوارەکە گەورە و بازنەیی بێت، کچانیش دەتوانن مۆدی لەم جۆرە گوارەیە لە گوێیان بکەن، تا لە بەرچاوی هەمووان شۆخ و شەنگێك بن.

# پەردەی ماڵ بەشێکی گرنگی دیکۆرە








هەموو بەشێکی دیکۆری ماڵ گرنگە، تا چەند خانمان وریای دیکۆری بەشەکانی ماڵیان بن، هێشتا دەبێ زیاتر دیکۆری ماڵەکانیان ڕازاوەتر بکەن، بیرۆکەی خانمان بۆ جوانیی دیکۆری ماڵ لە جێگە و هەستی جوانی ئەوانە، کاتێك دەیانەوێ گۆڕانکاری لە دیکۆر، یان بەشێکی ماڵ بکەن، بێگومان ئەنجامێکی چاکی دەبێت، بەتایبەت کاتێك مەبەستیانە شێوازی دیکۆرەکە بگۆڕن، لێرەدا بەشێکی گرنگ لە دیکۆری ماڵ باس دەکەین، کە پەردەیە، وەك پسپۆڕان دەڵێن: ئەگەر پەپوولە بە باڵە نەخشینەکانی جوان بێت، دیکۆری ماڵیش بە پەردەی پەنجەرەکانەوە جوانە. ماوەیەکی زۆرە دیکۆر و شێوازی پەردەی ماڵ، لە دوو، یان سێ پەردە مۆدە زیاترە، چونکە ئەو شێوازە پڕە لە جوانی و سەرنجڕاکێشە لە نەخشدا، بەهۆی ئەو کۆمەڵە نەخشەی لە پەردەکاندا هەن، هەر بۆیە وادەکات کە جێگەی سەرنج بێت، تۆش دەتوانی مۆدێکی لەم جۆرە پەردەیە بکەیتە دیکۆری پەردەی ماڵەکەت، واتە دوو جۆرە پەردە هەڵبژێرە، بە مەرجێك ڕەنگیان وەك یەك نەبێت، بەڵام نزیك بن لە یەکتر، تا ئەو دوو پەردەیە لەگەڵ شێوازی یەکتر بگونجێن و ڕازاوە بن.









## دیکۆری ژووری چێشت و نان

دیکۆری ماڵ، پابەندە بە دەسترەنگینی خانمانەوە، تۆی خانمیش دەتوانیت شێوازێکی جوان لە دیکۆری ماڵەکەت بەدی بکەیت، ئەو کات کارامەیی تۆ بەسەر کارەکانتدا دیار دەبێت. هەر بەشێکی دیکۆری ماڵت پێویستی بە گرنگی ڕۆژانە و جێی دەستی تۆ دەبێت. تا ماڵەکەت ئەوەندە خاوێن و ڕەنگین بێت، سەرکەوتنێکە بۆت و لە بەردەم چاوی کەسانی دیکەوە، دیکۆر و جوانیی ماڵەکەت لە پێشەوەی هەمووان دەبێت و پێشەنگی قەشەنگی دەگرێت، تۆش تا دەتوانیت ئەو لایەنە فەرامۆش مەکە و لەبەرچاوی بگرە. ژووری چێشت بەشێکی گرنگە لە ماڵەکەت، بۆیە هەردەم بە پاکی و جوانی ڕایبگرە، تا هەموو کات کەسێك ویستی بچێتە ژووری ناندنێنەکەت، دڵی پێ

## ئۆتۆمبێلی داپۆشراو ب

ئەگەر ڕۆژێك ئۆتۆمبێلێکی داپۆشراو بە پرچی مرۆڤ کەوتە بەرچاوت، سەرسام مەبە کە ئەوە چییە و چۆن وای لێکراوە! چونکە ئەوە کاری (ماریا لوسیا)ی تەمەن (٤٤) ساڵەیە، کە حەز و ئاواتی زۆری بە پرچە، ئەوەتا نەوەك پرچی خۆی جوان دەپارێزێت، تەنانەت ئۆتۆمبێلەکەشی بە پرچ داپۆشیوە. (ماریا) نزیکەی (١٥٠) کاتژمێر سەرقاڵی بەستن و دوورینی پرچ بووە تا بۆ








# پێشمەرگەیەکی بەهرەمەند و ناوازە

پێشمەرگەکان قەڵایەکی پۆڵایین و زرێپۆشی سنوور و خاکی کوردستانن، لە نێویاندشدا زۆر کەسی بەهرەمەندو ناوازەیان لێهەڵدەکەوێت، نموونەیەکی زیندووش ئەو پێشمەرگەیە بە ناوی (مەجید مەسیفی) کە لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٣)یە و خەڵکی مەسیفە، لە ئێستادا وەك پێشمەرگەیەك لە بەرەکانی جەنگە و شۆفێری ئامێرەکانی شۆفەڵ و گلێدەرە. ئەو پێشمەرگە بلیمەتە تا قۆناغی (٣)ی سەرەتایی خوێندووە، بەڵام ئەگەر سەیری بەهرەکانی بکەیت، وادەزانیت زانکۆشی تەواو کردووە، مام مەجید بە (وێنەکێش و سازلێدەر و خۆشنووش) ناسراوە، تەنیا بە چەند قەڵەمێکی رەساس و پارچە کاغەز، وێنەی وا دەکێشێت وەك ئەوەی دەرچووی خول و خاوەن بڕوانامەی وێنەکێشان بێت. لە بارەی بەهرەکەشی دەڵێت: هەر لە منداڵییەوە خولیای وێنەکێشان بووم، سەرەتا بە وێنەکێشان لەسەر قوڕ و سەر دیوار و هەر شوێنێك گونجاو بووایە بۆ وێنەکێشان، شتێکم لێی دەکێشا، ئەو وێنەی کە دەیکێشم، راستەوخۆ گوزارشت لە ناخ و هەستم دەکات. لەساڵی (١٩٧٩) بە دوو وێنە بەشداریم لە پێشبڕکێیەکی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا کرد، کە پلەی یەکەمم بەدەستهێنا، وێنەکانیش بریتیین بوون لە: وێنەی منداڵ و ئافرەتێك، وێنەی دووەمیش ئافرەتیش لە کاتی تەشی رستن بوو. بە توانای خۆم خوێندەواری خۆم بەهێز کردووە و زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیش دەزانم، هەندێ جار وێنەکێشان هێندە سەرقاڵم دەکات کە رەنگە وێنەیەك بە (٢) رۆژ تەواو بکەم، تا تەواوی کێشە و گرفتەکانی نێو وێنەکە چارەسەر دەکەم، لە کاتی دەوام و کاریشدا هاوکارانم داوای وێنەی جۆراوجۆرم لێدەکەن و منیش بۆیان دەکێشم.







## ـــــدێن

بکرێتەوە و بزانێت کە تۆش وەك خاتوونێك ئەو دیکۆرە جوانەت داناوە. کەرەستەکان هەر یەکە بەپێی گرنگیی خۆیان لە ژووری چێشتی دابنێ، هەوڵبدە هەردەم دیمەنی ئەو ژوورە کراوە و بەرچاو و بۆنخۆش بێت. تا ئەگەر ویستت بچیتە ئەو ژوورە هەستت بۆ خواردن و خواردنەوە بچێت، نەوەك بە بینینی ئەو ژوورە بێتاقەت و بێزار بیت.


## ـــــە پرچی خانمان

ئۆتۆمبێلەکەی ئامادەی بکات، جگە لەوەش چۆتە وڵاتی هیندستان لەوێ بڕی (٢٥) کیلۆگرام پرچی کچانی هیندی هێناوە، بەبڕوای خۆی پرچی کچانی هیندستان بەهێزتر و توندترە لە کچی ئەوروپی، بڕوای ئەو کچە پرچ خۆشەویستە، پرچ مانا و هێمای سەربەستی و ئاشتی دەبەخشێت، بۆیە ئەویش ئۆتۆمبێلەکەی بە پرچی مرۆڤ داپۆشاندووە، جار جارەش بە شانەیەك پرچی ئۆتۆمبێلەکەی جوان دادەهێنێت.





## کاریکاتێر



ئەو کاریکاتێرە باس لە سەردەمێك دەكات كە كەسانێك لەو پەڕی خۆشی و بەختەوەریدان و خواردنی خۆش نۆش دەكەن، كەسانێكیش بە خەیاڵی ئەو خواردنە خۆشانەوە دەخەون و دەژین.

## پەند و وتە



(ئەلێكساندەر پۆپ) گەورە نووسەری ئینگلیزی كە بە نووسەری ڕەخنەگر ناسرابوو، ساڵی (١٦٨٨) لە شاری لەندەنی بەریتانیا لەدایكبووە و لە ساڵی (١٧٤٤) لە تویكینهام كۆچی دوایی كردووە. بۆ لووتبەرزی دەڵێت: زوو هەڵچوون و قەزاوەتی پێشوەختە و خێرا بۆ پەلاماردانی خەڵك، یان نیشانەی بێ عەقڵییە، یان نیشانەی لووتبەرزییەكی لە ڕادەبەدەرە.

## خەوتن بە ئاسمانەوە

پێخەف و شوێنی خەوتن بۆ مرۆڤ پێویستە شوێنێكی خۆش و نەرم بێت، تا بتوانێت بە ئاسانی خەوێكی خۆش بكات، بەڵام ئەگەر لە قەدی كێوێك، یان چیایەكی گەورە بیت، ئاخۆ چۆن خەوت لێدەكەوێ، یان خەوەكەت چۆن دەبێت، لە باخچەی نیشتیمانی گشتی لە ویلایەتی كالیفۆرنیای ئەمریكا، لە بەرزترین بەرزایی ئەو باخچەیە، كۆمەڵێك گەنج بە سەرپەرشتی (سام فارسۆرت) شوێنێكی تایبەتیان بۆ خەوتن داناوە، كە لە بەرزایی (٦٠) مەتر لەسەر ئاستی بەرزایی دەریایە، ئەوەش بوێری و ئازایەتی دەوێ كە لەو شوێنە بتوانی بخەویت.

**كاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

كەسایەتیت جوانەو ڕێگە مەدە كەسانی دیكە كاریگەری لەهەستت بكەن، ئەو بیرۆكانەی هەتە خۆتی پێوە ماندوو بكە، ماوەیەك هەست بە دڵتەنگی دەكەیت، ئەوەش كاتییە، بەڵام وریا بە لە ماوەیەكی نزیكدا كەسێك دەیەوێت بێتە ناو ژیانت و لێت نزیك بێت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ڕەنگە لەبەر ئەو كێشەیەی پێشووت، بۆ ماوەیەك بێزاریت پێوە دیار بێت، بەڵام باشترە بەهێز بیت و ئەوەی ڕۆیشت لە بیری بكەیت، ئەو كارەی بۆ ئەو كەسە نزیكەت ئەنجامت دا، سەركەوتوو بوو، هێواش و لەسەر خۆبە لە بیركردنەوە و بڕیاردان.

**جمك** ٥/٢١ - ٦/٢٠

كاتێك دەتەوێت كارێك بكەیت، سەرەتا جوان بیری لێ بكەوە و مەهێڵە كەسانی دیكە ئەزیەتت بدەن، ئەگەر زانیت كەسێك لە دڵت گرانە، چاكترە لێی دوور بكەویتەوە، هەوڵدانت بۆ سەركەوتن لە كارەكانت ئەنجامێكی باشی بۆت دەبێت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەو ئاواتەی لە دڵتە وازی لێ مەهێنە و هەمیشە كاری بۆ بكە، ئەو ڕێگەیەی بڕیوتە لێی پەشیمان مەبەوە و هەمیشە چاوت لەداهاتوو بێت، ڕابردووت هیچ سوودی نابێت بۆ ئێستات، كاتێك بیر لە خۆت دەكەیتەوە، سەیری باشەكانیشت بكە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ماوەیەكە دوودڵی لە زۆربەی كارەكانت، هەندێ جار وات لێدەكەن كە سارد ببیتەوە و هیچ هەنگاوێك نەهاوێژی، بیركردنەوەی داهاتووت ژیرانەیە و هەمیشە لەگەڵ كاری خۆت بە، ئەگەر ویستت لە كەسێك نزیك ببیتەوە، سەرەتا هاوڕێی بە.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

خەریكە بەهێواشی كارەكانت بەرەو چاكبوونەوە دەڕوات، لەو ماوەیەی ڕابردوو زۆربەی هەنگاوەكانت پڕ گرفت بوون، هەوڵبدە لەگەڵ كەسێك نزیك بیت كە جێگەی متمانەت بێت، هەردەم دڵت كراوە بێت بەتایبەتی كاتێك كەسێكی تازە دەناسی.

## فێڵکاری وێنە

لەم وێنەیەدا، ڕوخساری کەسێك هەیە، هەوڵبدە لە ماوەی (١) خولەکدا بیدۆزیتەوە و شوێنەکەشی دیاری بکەیت.





## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا (٤) کەس هەن، هەوڵبدە بیاندۆزیتەوە، دووانیان پێدەکەنن و دووانییان تووڕەن، سوود لە جووڵەپێکردنی وێنەکە ببینە و (٤) کەسەکە بدۆزەوە.



## نوکتە

کەسێکی کەم ئەقڵ، تەواوی پارە و شتی لە شوێنێکدا هەڵگرتبوو، کەچی بیری نەدەکەوتەوە، ئەویش چووە بنکەی پۆلیس و بە ئەوانی گوت: هاتووم سکاڵا لە خۆم بکەم کە پارەکانم شاردۆتەوە و بیرم چۆتەوە! پۆلیسەکانیش پێیانگوت: ئێمە چی بکەین؟ ئەویش دەڵێت: بەر شەق و شلاقم بدەن تا دادنی پێدا بنێم و بیرم بێتەوە!

## پوختەی فیلم

### بەناوی خۆت بانگم بکە - Call Me by Your Name

فیلمێکی نایابی ڕۆمانسی درامایە، باس لە وەرزی هاوینی ساڵی (١٩٨٣) دەکات، کە گەنجێك بە ناوی (ئیلۆ) لە ژیانێکی سادە لەگەڵ خێزانەکەیدا دەژی، دواتر چاوی بە کەسێك دەکەوێت بەناوی (ئۆلیڤەر) کە لە شوێنی نۆرینگەی پزیشکیی باوکی کاری دەکرد، ئەو دوو هاوڕێیە توانییان چەندین توێژینەوە لە بواری جوانکاریدا بکەن و بگەن بە چەندین ئەنجامی سەیر، ماوەی فیلمەکە (٢) کاتژمێر و (١٢) خولەکەو لە دەرهێنانی (لوکا گوادینگینۆ)یە، دیمەنەکانی لە ئەمریکا گیراوەو لە نواندنی (ئارمی هەمەر و تیمۆتی چاڵمێت)ە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەست دەکەی دڵت تەنگە و زۆر بیر دەکەیتەوە. ماوەیەکە کارەکانت سەر ناگرن، واباشترە دووبارە بەرنامەیان بۆ دابنێیت و ئەوەی لە خەیاڵتە بیکە بە ڕاستەقینە و ئەو ماوەیەی داهاتووت ساتەوەختێکی باش دەبێت بۆت، گەشبین بە بۆ ژیانی تایبەتیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پەلە مەکە لە هەنگاوەکانت، چونکە هەندێکیان پێویستیان بە کاتە و تۆش دەتەوێ زوو بۆت ببن، ماوەیەکە لەگەڵ کەسێکی نزیکت کێشەت هەیە، هەوڵبدە بە ئارامی ڕاستییەکانی تێبگەیەنیت تا ئەویش پەشیمان ببێتەوە، ژیرانە بیردەکەیتەوە بۆ ژیانی خۆت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

شێوازی ڕەفتار و کارەکانت جوانە و مەهێڵە لەم ڕێڕەوەی خۆی دەربچێت، کاتێك هەنگاوێك بەرەو پێشەوە دەنێیت، تووشی گرفت دەبیتەوە، ئەوەش شتێکی ئاساییە، ئەو گرفتانەی نێوان خۆت و کەسی نزیکت چارەسەر دەبن بەڵام دەبێت هێمن و لەسەرخۆ بیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەندێك لە بیرۆکەکانت جێگەی سوودمەندی تۆ دەبن، ماوەیەکە زۆر ماندووی، بۆیە پێویستیت بە پشووە. لەگەڵ کەسی خۆشەویستت نەرمتر ڕەفتار بکە. هەوڵبدە کاتەکانت دیاری بکەیت و لە خۆتی مەشێوێنە، بڕیارەکانیشت با دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ بێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

وریای هەنگاوەکانت بە، چونکە ماوەیەکە هەڵەی وا دەکەیت خۆشت بڕوا ناکەیت، ئەو کاتەی پێویستیت بە کەسێکە بە هێمنی تێی بەگەیەنە و هاواری بۆی مەبە، لەگەڵ کەسانی ماڵەوەت ڕەفتارت نەرمتر بکە و ماوە ماوە پێکەوە دانیشن و کارەکانت دوا مەخە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەر کێشەیەکت هەبێ، بۆ ماوەیەکی کاتییە و دەڕوات، ئەگەر لەم ڕەفتارانەی خۆت بەردەوام بیت، ڕەنگە کێشە بۆ ژیانی تایبەتیت دروست بکەیت، هەر کەسێك تۆی نەویست، تۆش ئەوت نەوێت. کارەکانی داهاتووت بەرەو باشتر دەچێت.